المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

# بنەماکانی پێکەوەژیانی گەلان لە کتێبەکانی خوێندنی زمانی کوردی لەبازنەی دووەمی خوێندن لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان

د. صديق اورحمان على، 2- م. ى. ثريا احمد عبدالله
1+2 ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنییەت CDO
Sdiq.ali@univsul.edu.iq

**پوختە**

**بنەماکانی پێکەوەژیانی گەلان لە کتێبەکانی خوێندنی زمانی کوردی لەبازنەی دووەمی خوێندن لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان**

پێکەوەژیانی گەلان یەکێکە لە گرنگترین بابەتە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکان لە سەردەمی ئێستادا، لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ کۆمەڵگەکان زیاتر لە جاران لە دەرەوەی تایبەتمەندییەکی تاکەچەشنی کۆمەڵایەتی، چاندیی و ئایینی دەژین. هەرێمی کوردستان وەک ناوچەیەکی فراوان، تێکەڵی ئایین و نەتەوەکان و دیمەنێکی جۆراوجۆری مرۆڤایەتییە، بوارێکی گونجاوی تایبەتییە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم بابەتە. ئەم توێژینەوەیە ئامانجی شیکردنەوە و دەرخستنی بنەماکانی پێکەوەژیانی گەلانە لە کتێبەکانی خوێندنی زمانی کوردی لە بازنەی دووەمی خوێندن (پۆلی چوارەم، پێنجەم، شەشەم) لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان. مەبەستی سەرەکی لێکۆڵینەوەکە ئەوەیە کە دیاریبکات ئایا ناوەڕۆکی ئەم کتێبانە بنەما کۆمەڵایەتی، کەلتووری، ئایینی و مرۆڤایەتیەکانی پێکەوەژیانی گەلانی جۆراوجۆرییان لەخۆگرتووە یان نا، و ئایا ئەم ناوەڕۆکانە لە ڕستەکانی تێکست، وێنە، چیرۆک، و چالاکییەکانی فێرکاریدا خراونەتە ڕوو. توێژینەوەکە بە شێوازی وەسفی-شیکارانە ئەنجامدراوە، وەکو ئامرازی سەرەکی کۆکردنەوەی داتا، شیکردنەوەی ناوەڕۆک(Content Analysis) بەکارهاتووە.

نمونەی توێژینەوەکە کتێبەکانی خوێندنی زمانی کوردی بازنەی دووەمی خوێندنن کە لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان بەکاردێن. ئەنجامەکان ئاشکراکردن کە کتێبەکانی خوێندن لە هەندێک بنەمای پێکەوەژیانی گەلانی وەک پێکەوە ژیانی نێوان تاکەکان، ڕێزلێنانی یەکتر، و هاوبەشی لە ژیانی ڕۆژانەدا بوونیان هەیە. بەڵام لە بنەماکانی دیکەی وەک ناسینی کۆمەڵگەی جۆراوجۆر، ڕێزلێنانی جیاوازی ئایینی و کەلتووری، پێکەوەژیانی نێوان کۆمەڵگەی جۆراوجۆر، و هاندانی تاکەکان بۆ قەبووڵکردنی دیکەی جیاواز کەمتر گرنگی پێدراوە یان لەباری ناوەڕۆکەوە ڕوونکراوەتەوە. توێژینەوەکە لەسەر بنەمای ئەنجامەکانی خۆی چەند پێشنیارێکی گرنگی پێشکەش کردووە، لەوانە: پتەوکردنی ناوەڕۆکی کتێبەکان بەمەرجێک کە تایبەتمەندییەکانی گەلانی جۆراوجۆر لەخۆبگرن، زیادکردنی چیرۆک و وێنەی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی و ئایینی لەناو تێکستەکانی خوێندن، و ئامادەکردنی مامۆستایان بۆ فێرکاری بابەتی پێکەوەژیانی گەلان لە ئاستی بازنەی دووەمدا. ئەم توێژینەوەیە دەکرێت هاندەری بەرپرسانی پەروەردە و دامەزراوەکانی کتێبنووسی بێت بۆ ئەوەی گرنگیەکی زیاتر بەو بنەمانە بدەن کە کوالیتی پێکەوەژیانی گەلان بەرز دەکەنەوە، بەتایبەتی لە بازنەی یەکەمی خوێندندا کە بنەمای بیرکردنەوە و ئامۆژگارکردنی منداڵان دادەمەزرێت.

وشە کلیلەکان: پێکەوەژیانی گەلان، بنەماکانی پێکەوەژیان، کتێبی خوێندن، زمانی کوردی، جۆراوجۆری کەلتووری، ناوەڕۆکی پەروەردەیی .

**مبادئ التعايش بين الشعوب في كتب تعليم اللغة الكردية للحلقة الثانية من التعليم في مدارس إقليم كردستان**

**-د. صديق اورحمان على، 2- ثريا احمد عبدالله**
1+2 منظمة التنمية المدنية

**ملخص**

يُعدّ التعايش بين الشعوب من أبرز القضايا الاجتماعية والإنسانية في العصر الراهن، إذ باتت المجتمعات المعاصرة تعيش في ظل تنوع يتجاوز حدود الهوية الاجتماعية والثقافية والدينية الأحادية أكثر من أي وقت مضى. ويُمثّل إقليم

كردستان، بوصفه منطقةً واسعةً تتميز بتداخل الأديان والقوميات وتنوع المشهد الإنساني، بيئةً خصبةً ومناسبةً بامتياز لدراسة هذا الموضوع والبحث فيه. تهدف هذه الدراسة إلى تحليل مبادئ التعايش بين الشعوب واستخلاصها من كتب تعليم اللغة الكردية المقررة في الحلقة الثانية من التعليم (الصفوف الرابع والخامس والسادس) في مدارس إقليم كردستان. ويتمثّل الهدف الرئيسي للبحث في تحديد ما إذا كانت محتويات هذه الكتب تتضمن الأسس الاجتماعية والثقافية والدينية والإنسانية للتعايش بين الشعوب المتنوعة، وما إذا كانت هذه المحتويات قد انعكست في النصوص والصور والقصص والأنشطة التعليمية المتضمنة فيها. اعتمدت الدراسة المنهج الوصفي التحليلي، مستخدمةً تحليل المحتوى (Content Analysis) أداةً رئيسيةً لجمع البيانات وتحليلها. وتتكوّن عيّنة البحث من كتب تعليم اللغة الكردية للحلقة الثانية المعتمدة في مدارس إقليم كردستان.

كشفت النتائج أن كتب التعليم تتضمّن بعض مبادئ التعايش، كالتعايش بين الأفراد، واحترام بعضهم بعضاً، والمشاركة في الحياة اليومية المشتركة. غير أن مبادئ أخرى، كالتعرف على المجتمعات المتنوعة، واحترام الاختلافات الدينية والثقافية، والتعايش بين شرائح المجتمع المختلفة، وتشجيع الأفراد على قبول الآخر المختلف، قد نالت اهتماماً أقل، أو لم تُعالَج بصورة كافية على صعيد المضمون. وبناءً على نتائجها، تُقدّم الدراسة جملةً من التوصيات المهمة، أبرزها: إثراء محتوى الكتب المدرسية لتشمل خصائص الشعوب المتنوعة، وتعزيز تضمين قصص وصور تعكس التنوع الاجتماعي والديني ضمن النصوص التعليمية، وإعداد المعلمين وتأهيلهم لتدريس موضوع التعايش بين الشعوب ابتداءً من الحلقة الثانية من التعليم.

وتطمح هذه الدراسة إلى أن تكون حافزاً لمسؤولي قطاع التربية والتعليم والجهات المعنية بتأليف الكتب المدرسية، لمنح مبادئ تعزيز التعايش بين الشعوب اهتماماً أكبر، ولا سيما في مرحلة الحلقة الأولى من التعليم، التي تُرسى فيها أسس التفكير والتوجيه القيمي لدى الأطفال.

**الكلمات المفتاحية:** التعايش بين الشعوب، مبادئ التعايش، الكتب المدرسية، اللغة الكردية، التنوع الثقافي، المحتوى التربوي.

## Principles of Coexistence Among Peoples in Kurdish Language Textbooks in the Second Cycle of Education in Kurdistan Region Schools

**1-Dr. sdiq awrahman ali, 2-Thuraya ahmed abdulla**
**1+2 Civil Development Organization**

**Abstract**
Coexistence among peoples is one of the most significant social and humanitarian issues in the contemporary era, as today's societies live beyond the boundaries of a single social, cultural, and religious identity more than ever before. The Kurdistan Region, as a diverse area characterized by a mixture of religions and ethnicities and a multifaceted human landscape, represents a particularly suitable environment for researching this topic. This study aims to analyze and identify the principles of coexistence among peoples in Kurdish language textbooks used in the second cycle of education (4th, 5th, and 6th grades) in Kurdistan Region schools. The primary objective of the research is to determine whether the content of these textbooks incorporates the social, cultural, religious, and humanitarian foundations of coexistence among diverse peoples, and whether these contents are reflected in the text passages, illustrations, stories, and educational activities. The study was conducted using a descriptive-analytical approach, employing Content Analysis as the primary data collection and analysis tool. The research sample consists of Kurdish language textbooks for the second cycle used in Kurdistan Region schools.

The findings revealed that the textbooks do include some principles of coexistence, such as interpersonal coexistence, mutual respect, and shared participation in daily life. However, other principles — such as recognition of diverse communities, respect for religious and cultural differences, coexistence among various societal groups, and encouragement of individuals to

accept others who are different — received less attention or were insufficiently addressed in terms of content. Based on its findings, the study presents several important recommendations, including: enriching the content of textbooks to encompass the characteristics of diverse peoples; increasing the inclusion of socially and religiously diverse stories and illustrations within reading texts; and preparing teachers to deliver instruction on the subject of coexistence among peoples, beginning at the second cycle level. This study can serve as an incentive for education officials and textbook authoring institutions to place greater emphasis on the principles that elevate the quality of coexistence among peoples, particularly in the first cycle of education, where the foundations of children's thinking and ethical formation are established.

**Keywords**: Coexistence among peoples, principles of coexistence, textbooks, Kurdish language, cultural diversity, educational content.

**پێشەکی:**

کۆمەڵی مرۆڤایەتی لە کۆنەوە هەمیشە کۆمەڵێکی فرەچەشن بووە، لە ژینگەی جۆراوجۆری نەتەوەیی، ئایینی، کەلتووری و زمانی پێکهاتووە. ئەو جۆراوجۆرییەی کە لە نێوان گەلان و کۆمەڵگەکانی جیاوازەکاندا دەردەکەوێت، وەک دیمەنێکی ئاسایی ژیانی مرۆڤایەتی بووە. بەڵام ئەو پرسیارەی کە بەردەوام مرۆڤایەتی لە ئەستۆی خۆی گرتووە ئەوەیە: چۆن ئەم گروپە جۆراوجۆرانە دەتوانن لەگەڵ یەکتریدا پێکەوە بژین؟ چۆن هاوبەشیی، ئاسایش، ڕێزلێنان و تایبەتمەندیەکانی یەکتر دەپارێزن؟

**گرفتی توێژینەوەکە:** هەرێمی کوردستانی عێراق ناوچەیەکی جۆراوجۆری نەتەوەیی، ئایینی و کەلتووری ڕاستەقینەیە، کە کورد، عەرەب، تورکمان، ئاشووری، ئێزدی و خەڵکانی دیکەی تیادا نیشتەجێن. ئەم تێکەڵبوونەی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان، وایکردووە، پرسی پێکەوەژیانی گەلان ببێتە یەکێک لەو بابەتانەی، کە پەروەردەی هەرێم بەهەندی وەرگرتووە.

**گرنگی توێژینەوەکە:** لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، ئەم توێژینەوەیە کاریگەری هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە لەو ناوچەیەدا دەژین، چونکە کتێبەکانی خوێندن لە ئاستی یەکەمی پەروەردە کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر شێوەبەستنی تێگەیشتن و بینینی منداڵ لەباری گەلانی دیکەی نیشتەجێدا، تێگەیشتن لە کولتورە جیاوازەکان.

**ئامانجەکانی توێژینەوەکە:** دۆزینەوەی بنەماکانی پێکەوەژیانی گەلان، کە جێی بایەخی کتێبەکانی خوێندنی زمانی کوردی لە بازنەی یەکەمدا، کە بابەتی جۆراوجۆری نەتەوەیی، ئایینی و کەلتووری لە ناوەڕۆکی تێکست، وێنە و چالاکییەکاندا نیشاندەدەن. هەروەها دیاریکردنی کەموکورتییەکان و شوێنەوارەکانی، لە ناوەڕۆکی پێکەوەژیانی گەلان لە کتێبەکانی خوێندنی زمانی کوردی.

**پرسیارەکانی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی خوارەوەی داوە:

1.ئایا کتێبەکانی خوێندنی زمانی کوردی لە بازنەی دووەمدا بنەماکانی پێکەوەژیانی گەلانیان لەخۆگرتووە؟

2.ئایا ناوەڕۆکی تێکست، وێنە و چالاکییەکانی کتێبەکانی خوێندنی زمانی کوردی بایەخی بەجۆراوجۆری کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئایینی هەرێمی کوردستان داوە؟

**سنووری توێژینەوەکە:** کارکردنە لە کتێبەکانی خوێندنی کوردی بازنەی دووەمی خوێندن پۆلی (چوارەم، پێنجەم، شەشەم) و هەروها پشت بەستن بە یاسای پەروەردە و فێرکردن.

**پەیکەری توێژینەوەکە:** توێژینەوە پێکهاتووە لە پێشەکی و دووبەشی سەرەکی و لە کۆتاییدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان دانراوە، لەگەڵ پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی دانراوە.

**بەشی یەکەم:**

پێکەوەژیانی گەلان: مانای ژیانی هاوبەشی گروپی جیاوازی کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی، ئایینی و کولتووریی لەچوارچێوەی ڕێزلێنان، تێگەیشتن و دیالۆگی دوولایەنەدا. پێکەوەژیانی گەلان نەك تەنیا بەواتای «نیشتەجێبوون لەگەڵ یەکتر»، بەڵکو بە واتای «بەکارهێنانی تایبەتمەندی یەکتر بۆ باشترکردنی ژیان» دەدات.
لەژێر ڕۆشنایی ئەم ناساندنەوە دەکرێت چەند بنەمایەك بۆ پێکەوەژیانی گەلان دیاریبکەین، لەوانە: ڕێزگرتن لەو جیاوازییانە، نیشاندانی دیوە درەوشاوەکەی هەر گروپێکی جیاواز، یەکتری قبوڵکردن، ڕێزدانان بۆ هێما و سروتە ئایینییەکان و هاندانەن بۆ هاوبەشی و تێگەیشتن.
یەکێک لە لێکۆڵەرانی بواری پەروەردەی هەرێمی کوردستان ئاماژەی کردووە: پێکەوەژیانی گەلان، وەک کۆنسێپتێکی مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتی واتای ژیانی هاوبەشی گەلان و کۆمەڵگە جیاجیاکانە لە ژێر مەرجەکانی ڕێزگرتنی دوولایەنە. ئەم کۆنسێپتە لە پێشتردا لەگەڵ ئەو بینینانە بووە، کە تایبەتمەندیی کولتووری، ئایینی و نەتەوەیی سیمای ناسینەوەی گەلانە و کار بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانەی گەلان ئەرکی گشت پێکهاتەکانە. بەپێچەوانەوە، زانایانی بواری پەروەردە و جەمسەرپەرستی، "ئاشکرایان کردووە کە جۆراوجۆری کەلتووری ڕووبەڕووی دیاردەیەکی ڕاستەقینەی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە کە لە ڕێگەی پەروەردەی دڵسۆزانەوە دەکرێت بەرهەمی ئەرێنی لە ناو کۆمەڵدا بەرز بکاتەوە" (Banks (2004) و Nieto (2004).
لە سەردەمی ئێستادا کاتێک، کە بەربڵاوی ئایین و نەتەوە و کۆمەڵگەکان ڕوو لە زیادی و جێی بایەخە. پرسی پێکەوەژیانی گەلان زیاتر پەیامێکی گرنگیی پەروەردەیی و مرۆڤایەتی هەڵگرتووە. یونسکۆ لە کارنامەی خۆیدا ئەمەی دانا کە "پەروەردە ڕۆلی گرنگی هەیە لە بەرپاکردنی هاوبەشی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە، و لە ڕێگەی پرۆگرامەکانی کە ئامرازی دیالۆگن لە نێوان قوتابییاندا. کولتووری، باوەڕ و ئایینی جیاواز دادەمەزرێنن، پەروەردە دەتوانێت بەشداریی گرنگ بکات لە دروستکردنی کۆمەڵگەی پێکەوە گونجاو و مەدەنی" ( UNESCO, 2006).
کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان دیمەنی جۆراوجۆری نەتەوەیی، ئایینی و کولتووری لە خۆی دەگرێت، کە پێویستە پەروەردە لەوئاستەدا بێت ئەم تایبەتمەندییە جۆراوجۆرییە لەژێر چەتری خۆیدا جێگا بکاتەوە. هەر بۆیە پێکەوە ژیانی ئاشتیانە وەك یەکێك لە پایە گرنگەکان هەمیشە خاڵێك بووە کە جێی بایەخ پەروەردە و دامەزراوە پەروەردەییەکانی هەرێمی کوردستان بووە، لەم ڕوانگەیەوە ئەم بنەمایە لە ئامانجەکانی فەلسەفەی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا بەم شێوەیە گوزارشتی لێکراوە "ئامادەکردنی نەوەیەکی وشیار و خوێندەوار و نیشتیمانپەروەر،...توانای وەرگرتنی پەرەسەندن و گۆڕانکارییە شارستانییەکانی هەبێت و لەمافەکانی مرۆڤ تێبگات، باوەڕداربێت بە سەرەتاکانی دیموکراتی و هاوڵاتیبوون" (وەزارەتی پەروەردە، 2009).
ئەوەی ئاماژەمان پێکرد بەڵگەی گرنگی پێدان و جێی بایەخی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان و دامەزراوە پەروەردەییەکانیەتی.
هەروەها لەدوای سەرهەڵدانی داعش و بڵاوبوونەوەی هزری توندڕەوی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی کرد بە گۆڕینی کتێبەکانی خوێندن بۆ هاندانی پێکەوەژیانی ناسنامەی نەتەوەیی و ئایینی، و لە ۲۰۱۹دا بابەتی «تواناکانی ژیان (Life Skills)» زیادکرا بۆ قوتابخانە بنەڕەتییەکان بەمەبەستی هاندانی ڕێزلێنان، پێکەوەژیانی ناسنامەی نەتەوەیی و ئایینی. دواتریش لە یاسای نوێی وەزارەتی پەروەردەدا بە دیاریکراوی لەبنەما فەلسەفییەکانی یاسای پەروەردە و فێرکردن ماددەی (2)دا لە خاڵی یەکەمی یاسای وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا هاتووە: "پەروەردە و فێرکردن میکانیزمی تواناسازی و بنیاتنەری تاکێکی کوردستانی خوێندەوار و هۆشیار و داهێنەرە، بە ئاراستەی گەشەپێدانی کۆمەڵگەیەک کە پرنسیپەکانی دیموکراتی، بنەماکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەز، گیانی پێکەوە ژیانی ئاشتییانە و مرۆڤدۆستی و خۆشەویستی خاک و پاراستنی ژینگەی تێیدا گەشە بکات" (یاسای پەروەردە و فێرکردن، 2022). ئەگەر سەرنج بدەین بە گشتی دەبینین جەخت لەسەر خاڵەکانی (پێکەوەژیان، مرۆڤدۆستی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی، هاوڵاتیبوون، ...) دەکاتەوە.
بۆیە لەم ڕێگەیەوە دەکرێت گرنگی زانستی، گرنگی کارگێریی و گرنگی کۆمەڵایەتی. بدۆزینەوە چونکە لەڕووی زانستیەوە، بابەتی پێکەوەژیانی گەلان و مانای پێکەوەژیانی ڕووندەکەینەوە. هەروەها لەڕووی کارگێرییەوە بایەخی دەمودەزگا و دامەزراوەییە پەروەردەییەکان دەخاتە بەرچاو، لەڕووە کۆمەڵایەتییەکەشەوە ڕوونە، کە ئەنجامی ئەم هەنگاوە چەند گرنگە.

هەروەها دەبێت ئەو ڕاستییە زانستییە بزانین، کە "چیرۆک و ناوەڕۆکی پەروەردەیی گونجاو لەناو کتێبەکانی خوێندندا دەتوانێت ڕۆلی گرنگ بگێڕێت لە بەرپاکردنی هۆشیاری و یەکتری قبوڵکردن و جۆراوجۆری نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

**تەوەرە گشتییەکانی کارکردن لەسەر کتێبی خوێندن:**

بەشێوەیەکی گشتی ئێمە چەند تەوەرێك دەخەینەڕوو کە وەك بنەمای کارکردن دیاریمانکردووە:

یەکەم: تیۆری پەروەردەی فرەکولتووری(Multicultural Education Theory)

James Banks، یەکێک لە بەرچاوترین زانایانی بواری پەروەردەی فرەکەلتووری، پەروەردەی فرەکولتووری لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە سازکردنی مەکتەبەکان، کۆلێژەکان و زانکۆکانە بۆ ئەوەی قوتابییانی لەگرووپە جیاوازەکانەوە دەرفەتی یەکسانی فێرکاری ببینن(Banks), 2004 ) پێنج هێلی تایبەتمەندی پەروەردەی فرەکەلتووری دیاری کردووە:

- یەکگرتنی ناوەڕۆک(Content Integration)
- پرۆسەی دروستکردنی زانیاری(Knowledge Construction Process)
- کەمکردنەوەی دەمارگیری (Prejudice Reduction)
- پێداگۆژیی یەکسانی(Equity Pedagogy)
- بەهێزکردنی کولتووری قوتابخانە(Empowering School Culture)

ئەم پێنج هێڵە، کە بنەمای سەرەکی ئەم توێژینەوەیەن لە شیکردنەوەی ناوەڕۆکی کتێبەکانی خوێندنی زمانی کوردی لە بازنەی یەکەمدا.

دووەم: تیۆری پەروەردەی نێوان کولتوورەکان (Intercultural Education Theory)

یونسکۆ (UNESCO, 2006) جیاوازیی لە نێوان پەروەردەی فرەکەلتووری و پەروەردەی نێوان کەلتوورەکان دادەمەزرێنێت. پەروەردەی فرەکەلتووری وەک ئامرازێکی فێربوون لەسەر کەلتووری دیکە بۆ دروستکردنی قەبووڵکردن یان یەکسانی نیشاندەدرێت. بەڵام پەروەردەی نێوان کەلتوورەکان ئامانجی ئەوەیە شێوەیەکی نوێ لە ژیانی هاوبەشی لە کۆمەڵگای فرەکەلتووری بەدەست بهێنرێت لە ڕێگەی دروستکردنی تێگەیشتن لەسەر، ڕێزگرتن لەو دیالۆگەی لە نێوان گرووپە جیاوازەکاندادێتە ئاراوە.

ئەم جیاوازییە بنەماییەی گرنگە بۆ ئەم توێژینەوەیە. چونکە ئامانجی توێژینەوەکە نەک تەنها دۆزینەوەی ئەو ناوەڕۆکانەیە کە «یەکتری قبووڵکردن» لە بەرچاو دەگرن، بەڵکو دۆزینەوەی ئەوانەیە کە «دیالۆگ و کارلێکی ئەرێنی» لە نێوان گروپەکانی جیاواز دادەمەزرێنن.

سێیەم: تیۆری فێرکاری چیرۆک(Narrative Learning Theory)

تیۆری فێربوون لە ڕێگەی چیرۆکەوە ئاشکرای دەکات کە مرۆڤ زانیاری و تێگەیشتن لە ڕێگەی ئەو چیرۆکانەوە فێردەبێت  کە دەیبیستێت. لە بواری پەروەردەی سەرەتایی، چیرۆک بە ئامرازێکی بەهێزی فێرکاری و پاکی هزری مرۆڤایەتی دانراوە. لێکۆڵینەوەیەکی تازە (Tandfonline, 2025)

بازنەی یەکەمی خوێندن (پۆلی یەکەم، دووەم و سێیەم) بۆ نمونەی توێژینەوەکە هەڵبژێردراوە لەبەرئەوەی ئەم قۆناغە بنەمای بیرکردنەوە و ئامۆژگاری منداڵان دادەمەزرێنێت، لەم ڕووانگەیەوە بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیەمان تەرخانکردووە بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی کتێبەکانی خوێندنی زمانی کوردی لەو بازنەیەدا.

**بەشی دووەم:**

لەم بەشەدا لەڕوانگەی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی کتێبەکانی خوێندنی کوردی لە بازنەی دووەمی بنەڕەتی لەهەرێمی کوردستان لەسەر چەند چەمکێك دەوەستین، کە ڕایەڵێکی پتەون بۆ هێنانەدی پێکەوە ژیان لە ناو کۆمەڵدا وەك:

**یەکەم: پێکەوە ژیانی ئایینی:**

لە کتێبی خوێندنەوەی کوردی پۆلی چوارەمدا لە بابەتێکدا لە بەناوی (شەنگال) هاتووە: **"شەنگال شارێکی قەشەنگ و خاوێن و خۆشە، ژینگەیەکی دێرینی مرۆڤایەتییە، شەنگال شوێنی چل مێردە، پەرستگای شەرەفەدین و هەواری مێرخاسانە، قەڵاتی خۆڕاگری و ڕەسەنە"** (وەزارەتی پەروەردە4، 2016، 80)

ئەگەر سەرنجی ئەم تێکستە بدەین بە وردی شەنگال وەك هێمای یەکتری قبوڵکردنە نەک تەنها شاخێکی قەشەنگ و بڵند، بەڵکو ڕەمزێکی مێژووی مرۆڤایەتییە. ئەم خاکە پیرۆزە، کە شوێنی چل مێردە و پەرستگای شەرەفەدینی گەورەی تێدایە، سەدان ساڵە نیشانەی ئەوەیە کە مرۆڤ دەتوانێت لەگەڵ جیاوازی بژیێت.
ئێزیدییەکان، ئەو گەلە دێرینەی، کە باوەڕیان بە هێزی ئاگر و پیرۆزیەتی خاکە، هەرگیز تەنها نەبوون. موسوڵمانانی کوردی دەوروبەری شەنگال، لە نەوەبەنەوە، ئاگاداری ئەم هاوسێیەی خۆیان بوون. نێوان ئەو ئاسمانە هاوبەش، ئەو کێوە هاوبەشە ژیانێکی پێکەوەییان بونیاد ناوە، سەرەڕای بوونی جیاوازی و بەریەککەوتن.
قبووڵکردنی ڕاستەقینە ئەوە نییە کە تەنها قبووڵی ئەوانیتر بکەیت، بەڵکو ئەوەیە کە ئازادیی باوەڕی ئەوان بپارێزیت وەک ئازادیی خۆت. شەنگال ئەم وانەیە فێری مرۆڤایەتی دەکات، کە پەرستگا و مزگەوت دەتوانن لەژێر هەمان ئاسماندا بن، کە دەنگی دووعا و دەنگی سروودی پیرۆز دەتوانن بەیەکەوە بەرزببنەوە.
هەواری مێرخاسانەی شەنگال تەنها هەواری خۆڕاگری نییە، هەواری ئەوەشە: "ئێمە هەین، ئێمە ژیانین، ئێمە جیاواز و سەربەخۆین" ـــ پەیامێک کە دەبێت هەموو مرۆڤێک، بەبێ جیاوازی ئایین، گوێی لێ بگرێت.
دواتر لە کتێبی خوێندنەوەی کوردی پۆلی شەشەم لەبارەی بابەخی نووسینەوە باس لە حەزرەتی مەسیح دەکات و بەم جۆرە لای لێدەکاتەوە: "مرۆڤ پێش هەزاران ساڵ بەر لەدایکبوونی حەزرەتی عیسا دەزانێت بنووسێت،... پەڕتوکخانەی ئاشور پانیپاڵ لە دۆڵی دوو زێدا (میزۆپۆتامیا) یەکەمین پەڕتوکخانە بووە، هەزار ساڵێک بەر لە لەدایکبوونی عیسا، میسرییەکان گەڵای پوزەڵ یان دۆزییەوە و بینیان، کە دەگونجێت لەسەری بنوسرێت" (وەزارەتی پەروەردە6، 2024، 124)
مرۆڤایەتی و پێکەوەژیان وەك بابەتێکی بەرچاوی ئەم تێکستەیە بەوەی دەریدەخات پێش هەزاران ساڵ، کاتێک قەڵەمی مرۆڤ هێشتا نوێ بوو و تابلۆی گڵین شوێنی هزری مرۆڤ بوو، لە دۆڵی دوو زێدا (لەنێوان دیجلە و فورات) پەڕتوکخانەی ئاشوربانیپاڵ وەک تیشکی خۆری زانست دەدرەوشایەوە. ئەو مرۆڤانەی کە لەو خاکەدا دەژیان، پێش دایکبوونی حەزرەتی عیسا، تێگەیشتنیان ئەوەبوو کە زانست و باوەڕ دوو ئاڵوگۆڕی پێویستن بۆ مرۆڤایەتی.
سەدان ساڵ بەر لەوەش، لە میسر، کاتێک میسریەکان گەڵای پوزەڵیان دۆزییەوە و بینیان، ئەوان تەنها ڕووداوێکی زانستییان نەبینی، بەڵکو بینیان کە مرۆڤ دەتوانێت لەپاڵ بوونەوەرەکانی تردا بوونی دەسەڵاتی خودا ببینێت. ئەمەش بەشێک بوو لە باوەڕێکی قووڵتر: خودا لە شێوەی جیاواز دەردەکەوێت، بەڵام سەرچاوەکەی یەکە.
کاتێک حەزرەتی عیسا هاتە دنیا، ئەو نەهاتە بۆشاییەوە هاتە ناو مێژوویێکی دەوڵەمەند، کە پێش ئەویش مرۆڤ باوەڕی بە خودا، بە ئەخلاق، بە خۆشەویستی هەبوو. تەورات پێش ئەو بوو، ئایینی زەردەشت پێش ئەو بوو، ئایینی بوودا هاوکاتی ئەو بوو. جیهان پڕ بوو لە گوێ گرتن لە دەنگی خودا بە شێوەی جیاجیا.

ئایینی عیسا نەهاتە دنیا بۆ ئەوەی ئەوانی دیکە بسڕێتەوە، بەڵکو هاتە دنیا بۆ ئەوەی بڵێت: خۆشەویستی سەرووی هەموو شتێکە. ئەمەش هەمان پەیامی بوودا بوو کە دەڵێت: "ئازاری یەکتری مەدەن." هەمان پەیامی زەردەشتە کە دەڵێت: "بیری باش، گوفتاری باش، کرداری باش".
ئەمەش ئەو نموونەیە بەرچاو دەخات کاتێک سەرنج لەسەر مێژووی ئایینەکان دەدەین، دەبینین کە هەموو ئایین و شارستانییەکان دەستیان بە هەمان پرسیارە سەرەکییەکان کردووە:
کێین؟ بۆچی هاتینە ئێرە؟ چۆن بژین؟
ئاشوربانیپاڵ، ئەو پاشاهەی، کە پەڕتوکخانەکەی دروستکرد، دەیزانی، کە پاراستنی زانست پێویستە. میسریەکان، ئەوانەی گەڵای پوزەڵیان دۆزییەوە، دەزانین کە ژیانی پێکەوە نیشانەی هزری بەرزتری مرۆڤایەتییە. عیسا، ئەو پیرۆزەی کە پەیامی مەحەببەتی گێڕا، فێری مرۆڤی کرد کە جیاوازی یەکتری تەواوکردنە نەك سڕینەوە.
پەیامی تێکستەکە بەکورتی ئەوەیە: یەکتری قبووڵکردنی ڕاستەقینە لەم مێژووەدا دەبینرێت نەک لەوەی کە هەموو ئایین یەکسانن، بەڵکو لەوەی کە هەموو ئایینەکان لەیەك سەرچاوەوە هاتوون.
**دووەم: خۆشەویستی و تەبایی، پایەکانی پێکەوەژیان لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون**
لە کتێبی خوێندنەوەی کوردی پۆلی شەشەمی بنەڕەتیدا لە بابەتی (خۆشەویستی)دا هاتووە: "خۆشەویستی تەنها هەستێکی سادە نییە، بەڵکو ئەو هێزی گەورەیەیە کە مرۆڤایەتی لەسەریدا بنیاد نراوە. لەقوڵایی دڵ و دەروونی مرۆڤ پەیدادەبێت و وەک دەریاچەیەک گەشەدەکات هەتا هەموو ئاسۆی ژیانی فراوان دەبێت. ئەمەش نیشان دەدات، کە

خۆشەویستی تەنها پەیوەندییەکی دوو کەسی نییە، بەڵکو بنەمایەکی کۆمەڵایەتییە، کە پێکەوەژیانی مرۆڤان بەسەریدا زاڵ دەبێت" (لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە6، 2024، 55).

بە سەرنجدان لەم تێکستە لەوە تێدەگەین کاتێک، کە ئەم هەستە بە سروشتی خۆی لەناو کۆمەڵدا بڵاودەبێتەوە، ئەوکات کۆمەڵگە گۆڕانێکی بنەڕەتییانەی تێدادەبێت. مرۆڤەکان لەژێر سایەی خۆشەویستیدا توانایان باشتر دەبێت، داهاتووی وردتر دەبیننەوە بۆ یارمەتیدان ئامادەتر دەبن. ئەمەش ئەو بنەمایەیە کە پێکەوەژیانی هاوڵاتیانی لەسەری بنیاددەنرێت، وەك:

1-خۆشەویستی و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی
مرۆڤ بە سروشتی خۆی پەیوەستی پەیوەندی و پێکەوەبوونە. ئەو کۆمەڵگایانەی، کە خۆشەویستی تێیدا باوە، هاوکاری و یارمەتیدان تێیاندا دروستدەبێت، بەبێ فشار یا بەرپرسیاەتیکردنی یاسایی. کاتێک کەسێک لەناو کۆمەڵدا پێویستی بە کۆمەکە، دەستی هاوڵاتیانی بۆ درێژدەکرێت ئەمەش ئەو شێوازی ژیانەیە کە خۆشەویستی دروستی دەکات.

٢-خۆشەویستی و پاراستنی پایەکانی کۆمەڵ
خۆشەویستی تەنها لەناو ماڵ و خێزانەکاندا ناڕوات، بەڵکو دیمەنی کۆمەڵگە جیاوازەکانیش نیشاندەدات. ئەو کۆمەڵگەیەی کە خۆشەویستی تێیدا بڵاوبووەتەوە ڕاجیایی بەشێوازێکی ئارام جێگای دەبێتەوە، چونکە ئەو خۆشەویستییەی کە لەنێوانیان هەیە بایەخدارترە لە هەر کێشەیەکی نێوانیان، هەروەها نەریت و کولتووریان پارێزراو دەمێنێت.

3-تەبایی وەک ئەنجامی خۆشەویستی
تەبایی ئەو ئارامی دەروونی و پابەندییە بنەڕەتیانەیە کە مرۆڤ لەگەڵ کۆمەڵگەکەی خۆی بنیادیدەنێت. ئەمەش مانای ئەوەیە کە هاوڵاتی تەنها بوونی فیزیکی لەناو ناوچەیەک نییە، بەڵکو کەشێکی دروستی لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیەدایە، خۆی بەشێکی دەبینێت، و ئامادەیە بۆی تێبکۆشێت. تەباییش لەوکاتەدا دروستدەبێت کە مرۆڤ دەزانێت کە هەر یەک لەوانە کە لە دەوروبەری هەن، بۆیان گرنگە و بەهای هەیە ناسینی یەکترییە لەسەر بنەمای مرۆیی.

4-هاوڵاتیبوون لەژێر سایەی خۆشەویستی و تەبایی
هاوڵاتیبوون تەنها مانای ئەوە نییە کە کەسێک ڕەگەزنامەی وڵاتێکی هەیە. بەڵکو هاوڵاتیبوونی ڕاستەقینە ئەوەیە کە مرۆڤ خۆی بە بەشێکی لە ئارا دانراوی کۆمەڵگەکەی بزانێت، مسۆگەر بوو‌بێت، کە ئەو کۆمەڵگەیە مافی هاوڵاتیبوونیانی بەجێدەهێنێت.
مرۆڤی هۆشیار کۆمەڵگەکەی قبووڵ دەکات، مافە یاساییەکانی بەکاردەهێنێت، بەرپرسایەتیەکانی جێبەجێ دەکات، کۆمەڵگەکەش پابەندە بە مافی هاوڵاتیانی دادوەریانە ئەرکی خۆی بەجێدهێنێ، نابێت هیچ کەسێک تەنها بمێنێتەوە.
ئەنجامی بەدەستهاتوو بریتییە لە پێکەوەژیانی هاوڵاتیان لەسەر بنەمای خۆشەویستی وەك: ژیانی ڕۆژانە و خۆشەویستی کۆمەڵایەتی پێکەوەژیانی هاوڵاتیانە لە کارە بچووکەکانی ژیانی ڕۆژانەدا، کە لە پەیوەندی مامۆستا و قوتابی، کڕیار و فرۆشیار، کرێکار و خاوەنکاردا دەردەکەوێت. دواجار خۆشەویستی دەبێتە هۆی بەڕێوەبردنی جیاوازی، کە ئامانجی ڕاستەقینەی بابەتەکەیە لە کتێبی خوێندندا.

**سێیەم: جوانی، بنەمای دروستکردنی مرۆڤی پێگەیشتوو وەك ئامرازێك بۆ یەکتری قبووڵکردن**

لە کتێبی خوێندنی کوردی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی بابەتێك لە ژێرناوی (جوانی)دا هاتووە: " جوانی لەبیری ڕووناک و هەستی بڵند و کردەوەی شیریندایە، لە خۆشەویستی دایە، لەیەکێتی و یارمەتیدایە. جوانی بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری و هەژاری و دەردەداری، یاریدەدانی لێقەوماوانی جیهان. جوانی لە گەورەییدایە، کە خەمی بچووک دەخوات، لە بیر و هۆش دایە کە چارەسەری گیر و گرفت دەکات" (وەزارەتی پەروەردە6، 2024، ل 78)

کاتێك دەمانەوێت ناوەڕۆکی ئەم تێکستە شیبکەینەوە دەبینیت جوانی لەم تێکستەدا مانایەکی قووڵتری هەیە لەوەی، کە چاوی دەیبینێت. ئەمجا جوانی ڕووکار نییە، بەڵکو ئەو شتە ناوەکییە، کە لە بیری ڕووناک، هەستی بڵند و کردەوەی شیریندا خۆی دەپارێزێت. ئەمەش مانای ئەوەیە کە جوانی لە کردارمان دەکەوێتەوە لەوەی کە چۆن بیر دەکەینەوە، چۆن هەستی پێدەکەین، و چۆن کردارمان دەبێت.

کاتێک تێکستەکە دەڵێت "جوانی لەبیری ڕووناک دایە"، مانای ئەوەیە کە بیری ئازاد، کردەوەی ئاگادار و هۆشی کردارمان بنەمای جوانی دروست دەکات. ئەمەش جوانی بەدەستدێت بە فێرکاری، بە گەشەکردنی مرۆیی و بە تێگەیشتن لەمرۆڤانی دیکە نەک بە بوونی تایبەتمەندیەک یان میراتگریی.

بیری ڕووناک ـــ دیمەنی یەکەمی جوانی

بیری ڕووناک بە سادەیی مانای زیاتر زانین نییە. بیری ڕووناک ئەوەیە کە مرۆڤ توانای بینینی جیهان لەلایەکی دیکەوە هەبێت، ئامادە بێت قبوولی بکات، کە ئەو ڕایەی خۆی لەگەڵیدایە لەوانەیە هەموو ڕاستی نەبێت.

پەیوەندیی بیری ڕووناک و قبوولکردنی یەکتری

ئەو کەسەی کە بیری ڕووناکی هەیە، جیاوازیی ئەوی دیکەی نایترسێنێت. ئەو بیری ڕووناکەی، کە تێکستەکە باسی دەکات، ئەوەیە کە مرۆڤ بتوانێت ڕووبەڕووی جیاوازیی کولتووری، ڕاجیایی و ژیانی مرۆڤانی دیکەوەبێت و هەست نەکات بە مەترسی. ئەوەی مرۆڤی یەکتری قبوولکردن دروست دەکات، بیری ڕووناکە.

هەستی بڵند ـــ ئەو هێزە ناوەکییەی کردارمان دەرەوشاوە دەکات

هەستی بڵند مانای ئەوە نییە کە مرۆڤ هەموو کات خۆشحاڵ بێت. بەڵکو مانای ئەوەیە کە مرۆڤ توانای هەستیاریی و هاوڕێیانەی لەگەڵ مرۆڤانی دیکەدا هەبێت . دەتوانێت ئازاری و خۆشی ئەوانەی تر ببینێت و لێیان تێبگات .

کردەوەی شیرین ـــ جوانی بە دەست و پێ

کردەوەی شیرین ئەوە نییە کە مرۆڤ شتی گەورە بکات تا ناویان لە مێژوودا بمێنێتەوە. بەڵکو کردەوەی شیرین هەرکردەوەیەکی باشە کە لەسەر بنەمای نیازی ڕاستەقینەی باشخوازیدا ئەنجامدەدرێت. جوانیی کردەوەکە لەو نیازەدایە کە گیانی هاوکاری بێ بەرژەوەندی خودی تێدایە. بۆیە ئەو مرۆڤەی کردەوەی شیرینی هەیە: بەبێ چاوەڕوانی دەبەخشێت ـــ ئەگەر چاوەڕوانی خەڵات بکات، ئەوە ئابووری و بازرگانییە، نەک کردەوەی شیرین.

یارمەتیدان و نەهێشتنی هەژاری و نەخوێندەواری

تێکستەکە دەڵێت جوانی "بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری و هەژاری و دەردەداری" کار دەکات. ئەمەش ئەنجامی کراوەی جوانییە. کاتێک مرۆڤی جوان لەناو کۆمەڵدا زیاد دەبێت:

نەخوێندەواری کەم دەبێت چونکە ئەو مرۆڤە جوانەی کە بیری ڕووناکی هەیە، نازانێت خۆپەرست و خۆ ویست بێت.

هەوڵی بونیادنانی ئەوانی دیکەی جیاواز لەخۆی دەدات، کە بۆ کۆمەڵ پێویستن.

هەروەها تێکستەکە دەڵێت "جوانی لەگەورەییدایە، کەخەمی بچووک دەخوات". ئەمە یەکێکە لە قووڵترین گوێرەیەکانی تێکستەکە. گەورەیی ئەوەیە کە مرۆڤ تێبگات لەبەرانبەر خەمی بچووک. وەك بنەمایەك، کە قبوولکردنی یەکتری لەسەر بنیاددەنرێت. کاتێک مرۆڤ بتوانێت خەمی بچووک بخوات، ئەوا ناچار نییە جیاوازییەکان بکاتە مەترسی، کێشەکان بکاتە دووبەرەکی. ئەمەش ئەنجامی فراوانیی بیرکردنەوەیە، کە مرۆڤ بتوانێت گەورانە یەکتری قبووڵ بکات.

دواتر تێکستەکە دەڵێت "جوانی لەبیر و هۆشدایە کە چارەسەری گیر و گرفت دەکات". بیر و هۆش کاتێک لەپێناو گیر و گرفتی کۆمەڵدا بەکاردەهێنرێت، ئاییندەیەکی باشتر دروستدەبێت. ئەمەش مانای ئەوەیە کە مرۆڤی هۆشمەند و زانا پابەندیی بە خزمەتکردنی کۆمەڵگەی هەیە ئەوەی دەیزانێت لەپێناو باشترکردنی ژیانی هاوڵاتیاندا بەکاردەهێنێت.

دواجار ئەم لەڕێی ئەم جۆرە ناوەڕۆکانەوە دەمانگەیەنێت بە ڕێگای دروستکردنی مرۆڤی پێگەیشتوو، ئەو مرۆڤەی کردارەکانی لەسەر بنەمای بیر و لێکۆڵینەوەدا بنیاددەنرێت، نەک لەسەر ئاواتی سادەی سەردەم جیاوازی وەک بوونێکی ئیلاهی دەبینێت، نەک وەک مەترسی، بار و بەرپرسایەتیی ئەوانی دیکە بە بەشێك لە ئەرکی خۆی دەزانێت

تێکستەکە لەئەنجامی خۆیدا ئەو ئاسۆیەی لەبەرچاومان دەخاتەوە کە جوانی بۆمان دروستدەکات. کاتێک بیری ڕووناک، هەستی بڵند، کردەوەی شیرین، خۆشەویستی، یەکێتی، یارمەتیدان، گەورەیی و بیر و هۆش لەیەکدا کۆ دەبنەوە، ئەوکاتە ئەو مرۆڤە دروست دەبێت کە توانای قبوولکردنی یەکتری هەیە، نەک لەسەر بنەمای پاسایی، یان بنەمای ترس، بەڵکو لەسەر بنەمای تێگەیشتنی مرۆڤانە.

ئەمەش ئەو مرۆڤە دروستدەکات کە: لەنیشتمانی خۆیدا باش دەژیێت و خۆی بەشێکی ئەو نیشتمانی دەبینێت، لەگەڵ ئەوانیتر پەیوەندیی مرۆیانەی هەیە، بۆ کۆمەڵەکەی زیاتر هەوڵ دەدات.

**چوارەم: پێکەوە ژیانی نەتەوایەتی**

لە کتێبی خوێندنەوەی کوردی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتیدا بابەتێك لە ژێر ناوی (شاری کەرکوک )دا هاتووە: " ئەم شارە مێژوویەکی دێرینی هەیە زۆر لەمێژە ئاوەدانە، لەم شارەدا قەڵایەکی کۆن هەیە تا ئێستا پاشماوەی ماوە کەوتۆتە ناوجەرگەی شارەکەوە دانیشتوانی کەرکوک بەزۆری کوردن، لەتەک کورد عەرەب و تورکمان و ئاشوری و ئەرمەن لەم شارەدا دەژین..." (وەزارەتی پەروەردە5، 2024، 79)

لە شیکاری ئەم تێکستەوە ئەو پەیامە دەبینین، کە کەرکوک شارێکی تایبەتە بەهۆی ئەو مێژووەی لەگەڵ مرۆڤایەتیی هەیەتی . شارێکە کە سەدان ساڵ لەمەوبەر مرۆڤ لەسەریدا نیشتەجێبووە، شارێکە کە چەندین گەل و نەتەوە لەناویدا پێکەوە ژیانیان کردووە و شارێکە کە قەڵاکەی هێشتا لەبەرچاو هەموانە وەک شایەد بۆ مێژووی سەردەمانی جۆراوجۆر.

لە ڕووی مێژووییەوە کەرکوک لەسەردەمی ئیمپراتۆریی ئاشووریدا، هەروەها لەسەردەمی ئیمپراتۆریی بابل، پارس، و یۆنانیشدا بایەخی هەبووە. ئەمەش ئەوە نیشاندەدات کە کەرکوک لەکۆن هەبووەوە لە نێوان چەند ئیمپراتۆریی جیاوازدا ژیان تیایدا بەردەوام بووە.

لەسەردەمی ئیمپراتۆریی جیاوازەکاندا هەریەکەیان شتێکیان بۆ قەڵا زیادکردووە، لەناویدا مزگەوت، کەنیسە، و ئاتەشگەی کۆن هەبووە کە مێژووی پێکەوەژیانی نەتەوایەتییەکی کەرکووک لە ڕووی نەتەوەکانی نیشتەجێیەوە دەردەخات.

کورد پڕژمارەترین بەشی دانیشتووانی کەرکووکن. مێژووی ئەم نیشتەجێبوونەی دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ، زۆرینەیان موسوڵمانن و بەڵام لەنێوانیاندا کریستیانیشیان هەیە. عەرەبەکان نیشتەجێبوونیان لەکەرکووکدا بەزۆری لەناوچەکانی باشووری و ڕۆژئاواوە هەیە. تورکمانەکان، کە خۆیان دەڵێن "تورکمەن" لەو گەلانەن کە مێژووی دەستنیشانکراوی لەکەرکووکدا هەیە. هاتنیان بۆ ئەم ناوچەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عوسمانی. ئاشووریەکان، کە بەزۆری کریستیانی خۆماڵین لەو گەلانەن کە مێژووییان بەم خاکەوە بەستراوەتەوە. ئەرمەنەکان کۆچیان بۆ کەرکووک کردووە بەزۆری لەدوای ئەو ڕووداوەکانی ١٩١٥ . کۆمەڵگەی ئەرمەنیی کەرکووک لەو ساتانەوە ژیانی کولتووریی تایبەتی خۆیانی بوو. هەرچەندە لەسەردەمی ئێستادا ژمارەیان کەمتر بووەتەوە، بەڵام کەنیسە و مەزرایەکانیان هێشتا شایەدی ئەو مێژووەن.

پێکەوەژیانی نەتەوایەتی لەکەرکووکدا

بازاری شارەکە نموونەیەکی باشە: کورد، عەرەب، تورکمان، و ئاشووری لەیەک بازارەوە کاردەکەن، کرین و فرۆشتنیان کردووە، و دۆستایەتی ئابووریان لەنێواندا بووە.

هەروەها کلیسا و مزگەوت لەناو شارەکەدا ئەمەش نیشانی ئەوە دەدات، کە کەرکووک شارێکی هاوبەش بووە، کە تێیدا چەند ئایینی جیاواز پێکەوە ژیاون. دەنگی بانگی مزگەوت و دەنگی زەنگی کەنیسە هەردووکیان بەشێکن ئاوازی شارەکەن.

گۆرانی و هونەر و میوزیك ئەوەندەی تر شارەکەی ڕازاندۆتەوە، ئەگەرچی پێکەوەژیانی کەرکووک هەموو کاتێک بەبێ کێشە نەبووە. بەهۆی سیاسەتی حوکمڕانی وڵاتەوە، بەڵام ڕووی زاڵی ئەم شارە پێکەوە ژیانییەتی.

نموونەی پێکەوەژیانی ڕاستەقینە دووزمانی و فێربوونی زمانی یەکتری: زیاتر خەڵکی کەرکووک دوو زمانیانە قسەدەکەن کوردی و عەرەبی، یان کوردی و تورکمانی. ئەمەش بۆخۆی ئەو بنەمای پێکەوەبوونییە کە مرۆڤی ئەم شارە بونیادیان ناوە.

کەرکووک نموونەیەکی ئەمڕۆیی و مێژووییە، کە پێیان دەڵێت چەند گەلی جیاواز دەتوانن لەم خاکەدا ژیانی خۆیان بکەن. ئەگەرچی پرسی سیاسی بووە، بەڵام ئەو مرۆڤانەی کەرکووک بەپێکهاتنی ئابووری و کۆمەڵایەتیان ئەو کەشی پێکەوەژیانییانی بەرپاکردووە.

کەرکووک پیشانی دەدات: کولتوور و ئایین و زمانی جیاواز دەتوانن لەیەک شارەوە ئامیز بن بەشێوەیەک کە مۆزایکێکی جوان دروستبکەن.

پەیامی مەبەستداری ئەم تێکستە ئەوەیە، کە کەرکووک قەڵای پێکەوەژیانی مرۆڤایەتییە، کەرکووک هێشتا لەپشت ئەو قەڵایەدا وەستاوە، ئەو قەڵایەی کە سەردەمی جۆراوجۆری دیوە، ئیمپراتۆریی جۆراوجۆریان دیوە و گەلانی

جۆراوجۆریان دیوە. قەڵاکە کۆنە، بەڵام شارەکە زیندووە. ئەو زیندووییەی شارەکە بەرهەمی ئەو گەلانەیە کە تێیدا دەژین: کورد، عەرەب، تورکمان، ئاشووری، ئەرمەن هەریەکەیان بەشێکی لێنەبڕاوی ئەو شارەن.

ئەنجام:

1- لە کتێبەکانی خوێندنی کوردی بازنەی دووەمی قۆناغی بنەڕەتی پایەکانی پێکەوە ژیانی هاوڵاتیان لەسەر بنەمای خۆشەویستی ڕاستەقینە ڕەنگرێژکراوە.
2- جیاوازی ئاین و نەتەوە وەك دوو نیشانەی ئیلاهی گوزراشتیان لێکراوە، هۆیەکن بۆ یەکتر ناسین و یارمەتیدانی یەکتر و قبووڵکردنی ئەوانیتر.
3- بەڵگە شوێنەوارییەکانی وەك: مزگەوت، کەنیسە، دێر نیشانەی پێکەوەژیانی ڕاستەقینەی ئایینین، کە لە کتێبەکاندا خراونەتە بەرچاو.
4- لە خستنەڕووی بەشێك لە وێنەکاندا کەم و کورتی هەیە، وەکو پێویست کولتور و جلوبەرگ و بابەتە نەتەوایەتییەکان ڕەنگیان نەداوەتەوە، کە پێوستە زیاتر بایەخیان پێبدرێت.

**پێشنیاز و ڕاسپاردە:** دەوڵەمەندکردنی ناوەڕۆکی کتێبەکان، کە تایبەتمەندییەکانی گەلانی جۆراوجۆر لەخۆبگرن، زیادکردنی چیرۆک و وێنەی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی و ئایینی لەناو تێکستەکانی خوێندن، و ئامادەکردنی مامۆستایان بۆ فێرکاری بابەتی پێکەوەژیانی گەلان لە ئاستی بازنەی دووەمدا

**سەرچاوەکان:**


- وەزارەتی پەروەردە 4، ڕێزمان و خوێندنی کوردی بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەتی، چاپی 16، هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمنییەکان، 2024.
- وەزارەتی پەروەردە 5، ڕێزمان و خوێندنی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی، چاپی 16، هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمنییەکان، 2024.
- وەزارەتی پەروەردە 6، ڕێزمان و خوێندنی کوردی بۆ پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، چاپی 16، هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمنییەکان، 2024.
- وەزارەتی پەروەردە، سیستەمی قوتابخانە بنەڕەتی و خوێندنگا ئامادەییەکان، چاپی 1، هەولێر، 2009.
- یاسای پەروەردە و فێرکردن، ژمارە 13ی ساڵی 2022.
- Banks, J. A. & Banks, C. A. M. (2004). Multicultural Education: Issues and Perspectives (5th ed.). Jossey-Bass.
- Kirmanj, S. (2024). The Politics of Education: Iraq and the Kurdistan Region Cases. Education, Peace and Politics in the Middle East. Retrieved from educationpeaceandpolitics.org
- Nieto, S. (2004). Affirming Diversity: The Sociopolitical Context of Multicultural Education. Pearson.
- Palani, K. (2024). Transforming curricula for coexistence in Kurdistan: Progress and challenges. Education, Peace and Politics in the Middle East. Retrieved from educationpeaceandpolitics.org
- Reimagining Education in the Kurdistan Region: Stories as a Path to Diversity and Coexistence. (2025, April 15). Education, Peace and Politics in the Middle East. Retrieved from educationpeaceandpolitics.org

- Stories for Peace and Coexistence: Analyzing Narrative Learning and Minority Representation in Early Education Textbooks. (2025). The Social Studies Journal. Taylor & Francis. https://doi.org/10.1080/00377996.2025.2503267
- UNESCO. (2006). UNESCO Guidelines on Intercultural Education. Paris: UNESCO Publishing.
- UNESCO. (2000). UNESCO in a Globalizing World. April 2000. Paris: UNESCO.
- The Linguistic Pedagogy of Co-existence at Kurdish Schools in Rojava. (2021). Revista Periferias. Retrieved from revistaperiferias.org